

# شێواز و ستایلی رەنگەکانی نینۆک



وێڕای مالئاوایی لە وەرزی گەرما، کە کێشەو گرفتی بۆ بۆیەی نینۆك دروست دەکرد لە ئارەقەکردن و هەندێ جاریش توانەوە و وشکبوونی بۆیەکانی نینۆك، کە زۆر جار خانمان تەنانەت وایاندەزانی بۆیەکانیان چاك نییە، بۆیە زوو وشك دەبێت، یان هەڵدەوەرێت، بەڵام ئەوەش جارەسەری خۆی هەیە. گۆڤاری (ئێل)ی تایبەت بە جوانکاری لە دواترین مۆد و بۆیەی نینۆك لەلایەن مارکەکانی جیهانی ئاماژەیان بە چەند ستایلێك کردووە کە ئەوانەن: شێوازی (ئیسی) هەیە کە مۆدیی بۆیەی بریقەدارە، دوای لێدانی بۆیەی سەرەکی هەروەها پاشان بۆیەی بە بریقە لە نینۆکەکان دەدرێت، مۆدی (بێربەرێ) خۆی لە (٣) رەنگی تێکەڵ و بە پلەی رەنگی شینە، کە یەکەمیان لە شێوەی شینی ئاسمانی و رەنگی ئاوی دەریا و شینی تۆخە، مارکەی شانێل جەخت لە مۆدی رەساسی بۆ ئەو وەرزە دەکاتەوە، کۆلەر بۆب پێوایە کە گرنگی بە رەنگی زێڕی بریقەدار و پەمەیی بدرێت، لە مۆدەکانی دیۆردا هاتووە کە رەنگی سەوز جوانترین رەنگی ئەو وەرزەن، (ئۆ پی ئای) پێوایە کە رەنگی شینی ئاسمانی جوانترینە، تۆم فۆرد ئاماژە بە رەنگی سووری تۆخ دەکات.



# مۆدی پانتۆڵەکان



بەرە بەرە کەشە سارد و سڕ و هەوای سارد لە ناوەڕاستی ئەو وەرزەدا بەدەر دەکەون، بەم چەشنە بێت پێویستە ئاگاداری خۆمان بین لە خۆپاراستن لە سەرما و دابینکردنی مۆدێکی جلوبەرگی شیك تا لەگەڵ ئەو کەشەدا گونجاو بێت، کۆمەڵەی (ئەسکادا)ی تایبەت بە مۆدەکانی جل، دواترین نموونەی جلەکانیان بۆ کەشی سەرما دیاری کرد، کە ئەویش پانتۆڵی قوماشە، ئەگەرچی ئەو کەشە سەرمایە ئەوە نییە بێزارت بکات، بەڵام کاریگەری لەسەر جەستەدا دەبێت، بۆیە پۆشینی جلی قوماش بە مەرجێك جۆری قوماشەکەی تەنك و هاوینە نەبێت، مۆدێکی شیك و نایاب دروست دەکات،



# ڕێنماییەکانی پاراستنی لێو لە سەرما

ساردبوونی کەش و هەوا، گەورەترین کێشە و گرفت بۆ پێیست دروست دەکات، کە زۆربەی جار ماوەیەکی زۆر بە هەنگاوەکانی جوانکاری بە بەرکەوتنی سەرمایەك یان پێکەوتنی هەوای سارد دەبێتە هۆی تێکدانی جوانی پێست، لێرەدا باس لە دیارترین ئەو شوێنانە دەکەین کە بە سەرماوە کاریگەر دەبن، بەهۆی ناسکی پێستی لێو، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناکرێت داپۆشرێت بۆیە بەردەوام بەر هەوای سارد و کێشەکانی دابەزینی پلەکانی گەرماوە دەبێتەوە، گرفتەکانیش وەك: قلێشان، چرچ بوون، وشکبوون، زیپکە، و چەندین کێشەی دیکە کە لەسەر لێودا دروست دەبن، بۆ ڕێگری لە ڕوودانی ئەو کێشانەوە پێویستە ئەو ڕێنماییانە لەبەر چاو بگرن:

لە تەڕکردنی لێوەکان بە ئاوی دەم لە کاتی دەرچوون و کەشی ساردا خۆت بپارێزە، چونکە دەبێتە هۆکاری شەقبوونی پێستی لێو، بەهۆی ئەوەی کارلێکەرکردن لەگەڵ یەکەکانی هەوای ساردا ڕوودەدات. زیادەڕۆیی لە دەست لێدان لە دەم و لێو، ئەوەش هەنگاوێکی دیکەی نیگەتیڤە بۆ لێوەکان، کە هەندێ جار ڕەنگە ئاگادار نەبیت دەستەکانت پاك نین و بەمەش هەرچی بەکتیریا و ڤایرۆسە دەکەونە سەر لێوەکانت لە کاتی دەستکاریی لێوت. ماوە ماوە هەوڵبدە بە قوماشێکی پاك، مەساج بۆ لێوت بکەیت ئەوەش لە کەشێکی گەرمدا بێت باشترە. ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆری ئاو بخۆرەوە، بەر لە دەرچوونت مەرهەمی دژە وشکبوونی لێو لە لێوت بدە، هەروەها کاتێك هەست دەکەیت لە کەشێکی زۆر ساردا دەبیت، هەوڵبدە لێوت بە ملپێچ، یان کلینیکس داپۆشیت.



# بۆ کەشی سەرما

بەهۆی سەرماوە قوماش توند و تۆڵ دەبێت و جەستە دەگرێت، بەم جۆرە لەسەر جەستە یەکدەگرێ و ناوازە دەبێت. ئەو ڕەنگانەی بۆ ئەو وەرزە سەرمایە دانراون بریتیین لە: ڕەنگی سوور، شین، فەیرووزی، قاوەیی، ڕەساسی، سپی و ڕەش، هەروەها دەتوانی چاکێتێکی تەنك و کورت لەگەڵ پانتۆڵی قوماش بپۆشیت، هەروەها پێڵاوەکەشت با پاژنەکەی بەرز بێت، تا دیمەنێکی نایابتر بە پانتۆڵە قوماشەکەت بدات.

# وێنە و تابلۆ لەسەر رووبار و سەهۆڵ









دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی وێنە و تابلۆکانی (هۆلا) لە کەنداوی (ئۆهۆ) لە شاری هاوای بەرەو ناوچەکانی (پاگولیا)ی ئەمریکی بۆتە دیاردەیەکی سەیر، کە وێنەکان زۆربەی هاوشێوەی تابلۆیەکی سرووشتی گەورەکراو وایە، ئەو کارە تازەیە بریتییە لە وێنە کێشراوەکانی (سیان ئۆرۆ)، کە ناوی خوازراوی (پۆرتۆ سیزرارۆ) یە، بە جۆرێك وێنە دەکێشی کە زۆربەی لەسەر کانڤاسی سرووشتەوەیە، واتە کانڤاسی وێنەکانی کاغەز نین، بەڵکو دیمەنێکی سرووشتە و زیاتریش سوودی لە بەفر و سەهۆڵ و ئاوی رووبار و دەریاکان بینیوە. سەرەتای کارەکانی لە ساڵی (٢٠١٠) دەستی پێکرد، کە وێنەی لەسەر جۆگەلە و زێرابەکاندا دەکێشا، ئێستاش پەرەی بەو بوارە داوە و لەسەر رووبار و کەنارەکانی دەریاکان وێنەی بە جۆرێك دەکێشێت کاتێك بەرچاوت دەکەون، وادەزانی تابلۆیەکی گەورە و راستەقینەن.





# خاوەن درێژترین سمێڵ لە جیهاندا

درێژی قژی ئافرەتان، مایەی ماندووبوون و نیگەرانییە و پێویستی بە خزمەتکردنی زۆرە، لە ئێستادا بەشێکی کوڕانیش قژیان دەهێڵننەوە و درێژی دەکەن تا وەك مۆدێکی ناوازە و ئارایشتێکی جوانی بۆ بکەن، بەڵام لەلای ئەو پیاوە هیندستانییە لە بری هێشتنەوە و درێژکردنی قژی، گرنگی بە درێژکردنی سمێڵ و ردێنی داوە، دواجار بۆتە خاوەن نازناوی درێژترین سمێڵ، ئەو پیاوە ناوی (رام سینگ) و تەمەنی (٦٣) ساڵە، ماوەی (٣٦) ساڵە سمێڵی نەتاشیوە، درێژی ئێستای سمێڵە زلەکانی دەگاتە (٥)مەتر و (٥٠) سەنتیمەتر، زۆریشی نەماوە بگات بە (٦) مەتر، ئەو کاتە پێوەرێکی دیکە تۆمار دەکات. بەم جۆرە ناوی لە کتێبی ژمارە پێوانەیی تۆمار کراوە، ئەوەی بێزاری کردووە رۆژانە ماوەی (٢) کاتژمێر خەریکی خاوکردنەوەی تەلە مووەکانی سمێلەکەیەتی، ماوە ماوەش دەچێتە لای سەرتاشەکەی بۆ زیاتر جوانکردن و رازاندنەوەی و بڕینی سمێلە زلەکەی، بەڵام خۆشەویستی بۆ سمێڵی ماندووبوونی لە بیر دەباتەوە.









# کورد لە دێر زەمانەوە بەرەنگاری دوژمنەکانی بۆتەوە

ئاشوورییەکان زۆرترین ماوە حوکمڕانییان کردووە لە ناوچەکانی سەرسنوور و دەوروبەری کوردستان، ماوەی مانەوەی ئاشوورەکان بۆ زیاتر لە (٥٠٠) ساڵ دەخەملێنرێت، مەڵبەندی سەرەکییان شاری موسڵ بووە و لە خوێنڕێژترین دەوڵەتەکانی مێژوو بوون، بەردەوامیش پەلاماری نەتەوەکانی دەوروبەریان داوە، لەوانە (بەنی ئیسڕائیل و نەتەوەی مانایی و ماددەکانیش) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت کۆتاییان بە دەسەڵاتداری باب و باپیرانمان هێناوە، هەروەها لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کە ئەوکاتە بە ناوی دەوڵەتی میتانییەکان بوو، لەلایەکی دیکەوە مێژوونووسان باس لەوەش دەکەن کە ئاشوورەکان بەوەندە نەوەستاون، بەڵکو پەلاماری دەوڵەتی ماددیان داوە و دامەزرێنەری دەوڵەتەکەیان (دیاکۆ) بەدیل گرتووە، پادشایەکی ماددیش بەناوی (فراوەرتیس) لەلایەن ئاشوورییەکانەوە کوژراوە. لە ساڵی ٦٤٦ پ.ز دەوڵەتی عیلامیان کۆتایی پێهێنا و بە یەکجاری لە مێژوودا سڕییانەوە، بەڵام دواجار لە ساڵانی ٦١٤_٦١٢ پ.ز لە لایەن ئەو پادشایەی ماددەکانەوە، سەردەمی ئاشوورییەکان کۆتاییان پێهێنراوە، لە مێژوودا بە شانازی بۆ کوردەکان ناو براوە و هەروەك لە سروودی نەتەوەیی کورددا ئاماژە بە ڕۆڵی پاشای ماددەکان کەیخوسرەو، کەی ئەکسار» کراوە و هەروەها لە شیعرەکەدا هاتووە کە کوردەکان دەڵێن : ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەیخوسرەوین. ئەو ڕووداوانەی باس لەو شەڕە و بەرەنگاربوونەوە دەکات لە چەند تابلۆیەکدا وێنەیان کێشراون، تابلۆکان ڕاستین و مێژووی هەموویان بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەگەڕێتەوەو بە ڕوونی لە تابلۆکاندا دڕندەیی ئاشوورییەکان نیشان دراون.



# شەمەندەفەرە قەرەباڵغ و سەیرەکانی جیهان

شەمەندەفەڕ لە جیهاندا سەرچاوەیەکی گرنگی هاتوچۆکردنە و ڕۆژانە بە ملیۆن شەمەندەفەڕ لەنێوان وڵاتان و لە نێو وڵاتێکدا دێن و دەچن، تەنیا کوردستان نەبێت کە خاوەنی شەمەندەفەڕ نییە و هەموومان چاوەڕێ ئەو ڕۆژەین کە بە شەمەندەفەڕی کوردستان لە نێو شارەکاندا هاتوچۆ بکەین یان گەشت بە وڵاتانی دراوسێ بکەین، هیندستان بە وڵاتی (٧) دادەنرێت کە سوود لە شەمەندەفەڕ دەبینیت بۆ گواستنەوەی سەرنشینی مرۆڤ و کەرەستە و کەلوپەل، لە هیندستان گەورەترین تۆڕی شەمەندەفەڕ هەیە، ڕۆژانە زیاتر لە (١٦) ملیۆن تەن کەرەستە بە شەمەندەفەڕ دەهێنرێت و دەبردرێت، ئەوەی جێگەی سەیرە ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە زۆرە و شەمەندەفەڕیش کەممە، هەندێ جاریش بەشی هەموویان ناکات، ناچار ژمارەیەکی زۆری سەرنشین سەر ئەو شەمەندەفەڕە کەممە بکەون و بەمەش دیمەنێکی ناوازە دروست دەکات، دەگوترێت هەندێ لە شەمەندەفەڕەکان جێگەی تەنیا (١٠٠٠) کەس دەبێتەوە، کەچی ((٥٠٠٠) کەس سەردەکەوێت کە خۆیان بە دەرگا و پەنجەرەی شەمەندەفەڕەکەوە وەدەکەن تا دەگەنە شوێنی مەبەستیان.

# فۆتۆگراف

وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی وێنەگری ئیتاڵی (ماسیمۆ بیرووتی)یە، لە دایکبووی ساڵی (١٩٧٩)یە و دەرچووی ساڵی (٢٠٠٣)ی بواری فۆتۆگرافییە، لە هەمان ساڵیشدا دەستی بە کارەکانی کردووە، دوای ئەوەی لە زۆربەی ئاژانسەکانی ئیتاڵیا کاری کردووە و ئێستاش بەرهەمەکانی لە زۆربەی کەناڵ و ئاژانسەکانی وەك سەرچاوەیەکی فۆتۆگرافی بڵاو دەکرێنەوە، ئەو وێنەیەی باس لە شوێنی نیشتەجێی ئەندام پەرلەمانەکانی ئیتاڵیا دەکات، دوای ئەوەی بلۆك دەکرێن لەلایەن ڤاتیکانەوە، وێنەکە بە کامێرای ( CANON EOS5D) گیراوە بە ( shutter speed 1/180) و( F-stope 2.8) و (Focal Length 35.0mm) و (ISO 400).





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە ڕاو و بۆچوونی خەڵك دەکات، کە کەسانێك هەن ڕاو و بیریان دەردەبڕن و لەلایەن کەسانی دیکەوە دەسڕێنەوە، واتە دژە بۆچوون زیاترە لە دەربڕینی ڕاو و بۆچوون.



## پەند و وتە

جۆن ستیوارت میل، نووسەر و فەیلەسووفی ئینگلیزی لە ساڵی (١٨٠٦) لە شاری پینتڤیل لە لەندەن لە دایکبووە و لە ساڵی (١٨٧٣) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕا و بۆچوون دەڵێ: ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی هاوڕا بن، تاکە کەسێك هەبێت ڕای جیاوازی هەبێ، نابێت ڕێگە لە دەربڕینی ڕای ئەو کەسە بگیرێت و بێدەنگ بکرێت، ئ□نجا چۆن دەکرێت ڕای هەموو خەڵك وەرنە گیرێت.

## پوختەی فیلم

**تۆر – (Rangnarok)-Thor**

فیلمێکی زانستی فانتازیایە، لە زنجیرە فیلمەکانی (تۆر – Thor)ە کە باس لە ڕووداوەکانی ئەو دیوی گەردوون دەکات، تۆر پاڵەوانی فیلمەکەیە و کاتێك خۆی دەدۆزێتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەفسانەی (هەلك- HULK)، دواتر لەگەڵ ئەڤێنجەرەکانی دیکە هاوپەیمانی دەبەستێ بۆ دژایەتیکردنی هێرشکەرانی کات تا بەرگری لە زەوی و جیهان بکەن بەرامبەر هێرشکەران، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و (١٠) خولەکە، لە شاری لۆس ئەنجلیسی ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (تایکە ویلتیتی)یە، نواندنی (ناتانی پۆرتمان)ە و بودجەی فیلمەکە (١٨٠) ملیۆن دۆلار بووە و داهاتەکەشی (٥٢٧) ملیۆن دۆلارە.





**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بڕوات بە خۆت هەبێ و ئەرکەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، بەڵام ئەو کێشانەی ئێستات تەواو دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو کارەی کەوا بیری لێ دەکەیتەوە کە ئاسانە و تێیدا سەردەکەویت، ئەوا بە هەڵە چوویت، واز لەم کارە بهێنە ئەگینا شکست دەهێنیت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ڕێگە مەدە ژیانت تێك بدەن و بەرگری لە خۆت بکە، کەسێکی زیرەك و خاوەن هەستێکی قووڵی، بۆیە بە کەسێکی بە بەزەیی دادەنرێت، هەر چەندە ئێستا باری هەستت خراپە، ئەوەش زۆر ناخایەنێتو دەرگایەکت لەبەردەمدا دەکرێتەوە کە دەبێتە هۆی ئاسوودەیی و ئارامیت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەوڵەکانت بۆ بەدەستهێنانی ئەو هەنگاوەی چارەسەری کێشەکان شکستی هێنا، باشترە دووبارە هەوڵی بۆ بدەیتەوە، کەسێکی زیرەکی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەرت، ئەگەر دان بە هەڵەکانتدا بنێی ئەوا لە ڕێز و حورمەتت کەم نابێتەوە، هەواڵێکیش دەبێتە هۆی خۆشی بۆت و شادی دڵت داگیر دەکات.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بیرکردنەوەت لەگەڵ کەسانی دیکە جیاوازە و هەستێکی بەرزت هەیە، مانەوەت لە کارەکەتدا جێگەی خۆشیی هەموانە، ڕاستە لەکارەکەی ئێستات ماندوویت، بەڵام ئەو پرۆژەیەی بەدەستتەوەیە شایستەی ئەم هەموو ماندووبوونەیە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەرکێکی قورست لەسەر شانە و هەمیشە بیرکردنەوەی جیاوازت هەیە. خۆت بە ژیانی کەسانی دیکە خەریك مەکە، ئێستا بە کاتێکی زۆر ناسك و دژواردا تێدەپەڕیت، هەوڵی زیاتر بدە بۆ ئەوەی گەشە بە پەیوەندییە سۆزدارییەکەت بدەیت و ژیرانە بیر بکەوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بێزاریت پێوە دیارە و ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت دوچاری چارەسەری کێشەکانتن، بۆیە پێویستە ناکات نیگەران بیت و ئەوەندە خەم و خەفەت مەخۆ و بەزەییت بەخۆتدا بێتەوە، چونکە زۆر کەسی دیکە هەیە کە زۆر لە تۆ زیاتر لە ژێر باری سەختی ژیاندا دەژی.



## یاریی وێنە

ئەم وێنەیە چەندین وێنەی دیکە لەخۆی دەگرێت، تەنانەت مرۆڤیشی تێدایە، هەوڵبدە بزانە چەند گیاندار دیاری دەکەیت و هەر یەکەو چۆن بە فێڵکاریی چاو شوێنی بۆ کراوەتەوە!




# کڵاو لە شێوەی خواردن

بەرەو کەشی سەرما و سۆڵە دەچین، هەندێ جار لەبەر سەرما، هەرچی جل و پۆشاکە لەبەری دەکەین، تەنانەت لەو وەرزەدا جلە سەیر و کراوەکان دەردەکەونەوە، کڵاویش ڕۆڵی خۆی لەو ماوەیەدا دەگێڕێت بۆ پاراستنی سەر لە سەرما و هەندێ جاریش لە باران، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شێوەی جۆراوجۆری کڵاو دەردەکەون، بەڵام هیچ شێوە و مۆدێك وەك ئەو جۆرە کڵاوە نییە کە لەلایەن گەنجێکی ئوستراڵی بە ناوی (فیل فێرگەسۆن) دروستی کردوون، کڵاوەکانی ئەو گەنجە لە شێوەی لەفە و سەندویچ و هەمبرگر و خواردنە خێراکانن، بە جوانترین شێوە و ڕەنگی جۆراوجۆرەوە چنیونی، کە لە خوری دروستی کردوون، جگە لەوەی بەرهەمەکانی جێگەی سەرنجن هەروەها داواکاری زۆریشیان لەسەرە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەو ماوەیە خەمێکی زۆرت هەیە و پێویستە کێشەکانت چارەسەر بکەیت و نەهێڵێت کەسانی دەوروبەرت بەسەرتدا زاڵ بن، ڕۆژێك هەر دێت ئەو کەسەی کە هەڵوێستی بەرامبەرت خراپە، پەشیمان دەبێتەوە، کەمێك دان بە خۆتدا بگرەو ئارام و لەسەرخۆ بە، هەموو شتێك روون دەبێتەوە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ڕێگەی چارەسەری کێشەکان ئاسانە و تەنیا کاریان بۆ بکە، کەسێکی ژیر و خاوەن بڕوای خۆتی، وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بە بێدەنگی چارەسەر بکەیت، چونکە ناحەزت زۆرەو هەوڵ دەدەن کیشەکەت ئاڵۆزتر بکەن.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کەسانی دەوروبەری بە هەڵە بیرت لێدەکەنەوە و وادەزانن کەسێکی لەخۆبابییت، کەچی لە ڕاستیدا سادەیت، بەڵام کەم لەگەڵ خەڵك تێکەڵ دەبیت. وا نەزانی کەسێکی نزیکت لەم هەڵوێستەی دواییت تێناگات، تێدەگات، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی چاوپۆشی لێت کردووە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بیرکردنەوەت گەشبینیانەیە، بەڵام کێشەو گرفتەکان تووشی نیگەرانیت دەکەن، کە وات لێدەکات خەم بخۆیت و بێزاریت پێوە دیار بێت، کەسانێك بەلایانەوە ئاساییە خەڵکی بشکێننەوە، بۆیە خۆت لەو جۆرە کەسانە بە دوور بگرە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی بە چاوی سووك سەیری تۆش بکرێ.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کێشەکانی پێشوو لە بیر بکە و مەهێڵە کەسانی دەوروبەرت بە ژیانت بزانن، ماوەی داهاتووت بەرەو خۆشی و شادی ڕێگە دەگریت، پێویستە دڵی خۆشەویسترین کەست لەخۆت نەشکێنی، چونکە ئەو کەسە زۆر هەڵوێستی چاکی هەبووە بەرامبەر بە تۆ، بۆیە بە چاکی قەدری بزانە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

خەریکی چارەسەری کێشەی کەسێکی دیکەی و کەچی ژیانی خۆت فەرامۆش کردووە، پێویستە بڕوات بە خۆت زیاتر بێت، دڵی خۆت مەکەرەوە بۆ کەسانێك کە لە دواییدا لای خەڵکانی دیکەی گاڵتەت پێ بکەن، باری سۆزداریت کەمێك ساردی تێ دەکەوێت.